# پێوەندییەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەب

**پ. ی. د. عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە- مەخموور)**

**(٢- ٢)**

بنیادگەری پێکهاتەیی چەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

**ا ـ جیهانبینی:** بە یەکێک لە بنەما هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی بنیادگەری پێکهاتەیی لە قەڵەم دەدرێت، زۆر جار بە ڕوحی ئەو میتۆدە وەسف دەکرێت. جیهانبینی بریتییە لە وێنا و بیروبۆچوون و گۆشەنیگای مرۆڤ بەرانبەر بوون و سروشت، ئەو جیهانبینییەش نووسەران لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە، لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەری خودی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە گوزارشتی لێ دەکەن، بێگومان ئەو جیهانبینییەی کە کۆمەڵگەی تێدا دەژی کاریگەری لەسەر نووسەران دادەنێت و دووبارە بۆ کۆمەڵگەکەی دەیگەڕێنێتەوە (شحید، ٢٠١٣: ٥٣). جیهانبینی لای گۆڵدمان ((ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەیە کە لە ساتی بەرهەمهێنانی دەقدا کاریگەری خۆی بەسەر تێڕوانینی نووسەرەکەدا دەچەسپێنێت)) (یاسین،١٩٩٨: ٢٧).

کەواتە بە بۆچوونی گۆڵدمان ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە نووسەر تێیدا دەژیت لە بنیادی زەینی نووسەرەکە و لەمیانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەریدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە خۆی تێیدا دەژیت (یاسین،١٩٩٩: ٩).

**ب ـ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن:** بە دوو بنەمای گرنگ لە بنیادگەری پێکهاتەیی دادەنرێن، تێگەیشتن لە بنیادی خودی دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی کە تێگەیشتن وەک پرۆسەیەک تایبەتە بە بنیادی دەلالی دەق و لە کاریگەرییە دەرەکییەکان دابڕێنراوە، هەرچی ڕاڤەکردنە وەک پرۆسەیەکی دووەم دێتەهەژماردن لە ئاستێکی دیکە لە دەق دەڕوانێ کە ئەویش ئاستی دەرەکییە و هەوڵ دەدات بنیادی دەق لە چوارچێوەی بنیادێکی گەورەتر کە بنیادی کۆمەڵایەتییە شی بکاتەوە (ناوریریت، ٢٠١٠: ٦٢ - ٦٣). بەو واتایەی کە تێگەیشتن هەمیشە لەناو سنوورەکانی دەقدا کارەکانی ڕایی دەکات، بە پێچەوانەوە ڕاڤەکردن، لایەنە دەرەکییەکانی وەک مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی دەگرێتەوە.

**ج ـ وشیاری كردەیی و وشیاری شیاو:** وشیاری كردەیی و وشیاری شیاو، هەرچەندە پێوەندی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە كە وشیاری كردەیی كە زۆرجار وشیاری هەنووكەیی پێ دەگوترێت، هۆشیارییەكە لە ڕابوردووە سەری هەڵداوە و لە وردەكاری و بارودۆخ و ڕووداوەكانی ناوخۆیی جیاوازە، هەموو گرووپێكی كۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی بارودۆخی ژیاری و ئابووری و هزری و ئایینی و پەروەردەیی خۆیەوە لە واقیع بگات، بەڵام وشیاری شیاو ئەو شتە شیاوەیە كە چینێكی كۆمەڵایەتی دەتوانێت بیكات، دوای ئەو گۆڕانكارییە جیاوازانەی كە بەسەریدا دێت، بەبێ ئەوەی سروشتی چینایەتی خۆی فەرامۆش بكات (شحید،٢٠١٣: ٥٥). وشیاری شیاو، وێنایەكە بۆ وشیارییەكی نوێ كە لەسەر بنچینەی وشیاری كردەیی دامەزراوە و ڕێگەیەكە بۆ تێگەیشتن لە وشیاری واقیع، بەم پێیە وشیاری شیاو ئەو ئەنجامەیە كە وشیاری كردەیی پێی گەیشتووە، بۆیە وشیاری شیاو جووڵێنەرێكی چالاكی هزری گرووپی كۆمەڵایەتییە، بە شێوەیەک كار بۆ داڕشتنی داهاتووی دەكات و وێنەیەكی زیندووی لە ڕابوردوو و داهاتوو پێ دەبەخشێت (صدار، ٢٠٠٩: ١٠١)، چونكە هەر گرووپێكی كۆمەڵایەتی وشیاری و پێكهاتەی زەینی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ چالاكییە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان لەناخی كۆمەڵگەدا دەخولقێنێ (گۆڵدمان،٢٠٠٨: ٣٦٩).

**د ـ بنیادی دەلالی:** چەمكی بنیادی دەلالی لەسەر دوو ئاست بەدی دەكرێت، ئاستی یەكەمیان لە تێگەیشتنی كارە ئەدەبییەكاندا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش لە ڕووی سروشتی و پاشان دۆزینەوەی ئەو دەلالەتانەی كە تێیدایە، ئاستی دووەمیش حوكمدانە لە بەها فەلسەفی و ئەدەبی و ئیستێتیكییەكان، بەم جۆرە تێگەیشتن دەبێتە پێوەرێک و جەخت لە بنیادیش دەكرێتەوە لە ڕێگەی ئەو ئەركانەی كە كاری داهێنەرانە ئەنجامی دەدەن (ناوریریت، ٢٠١٠: ٦٥). لەم بارەیەوە گۆڵدمان پێی وایە كە بنیادی دەلالی لەگەڵ جیهانبینیدا یەكەیەكی تەواوكراو پێک دەهێنن، بەو پێیەی كە جیهانبینی دەق ڕاڤەدەكات و شی دەكاتەوە، بنیادی دەلالیش لێی تێدەگات و لە چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكەیەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكات (شحید، ٢٠١٣: ٦١). بەم شێوەیەش بنیادی دەلالی گوزارشت لە واقیع دەكات و ئامانجیش لێی گەیشتن بەو گشتگیرییەی كە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.

**ب ـ پێوندی لەگەڵ ڕێبازە ئەدەبییەكان:** ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەكان بابەتێكی گرنگی كۆمەڵناسی ئەدەب پێک دەهێنن، چونكە ئەگەر لە ئاستی تاكەكەسیدا كۆمەڵناسی ئەدەب بایەخ بە نووسەر و ژینگە و بارودۆخە كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەكەی بدات و لێكۆڵینەوە لە لایەنەكانی بەرهەمە ئەدەبییەكانی بكات، ئەوە بێگومان لە ڕووی كۆمەڵیشەوە بایەخ بەو ڕێباز و میتۆدە ئەدەبیانە دەدات كە لە هەوڵ و كۆششی نووسەر و فەیلەسووفەكان هاتووەتە كایەوە و دەربڕی گۆشەنیگای ئەوان بووە بۆ ئەدەب و كۆمەڵگە ((ڕێبازە ئەدەبییەكان پێشتر و ئێستاش لە كلاسیكی و ڕۆمانتیكی و ڕیالیزم و ڕەمزییەت... تاد، وەک پێوەندییەكە كە شێوەی پەیوەستبوونی ئەدەب بە واقیعی پێشكەوتووی كۆمەڵایەتی جیا دەكاتەوە، ئاماژەیەكیشە بۆ وشیاری ئەدەبی كە بە هۆیەوە نووسەران بەرهەمە ئەدەبییەكانیان دادەڕێژن)) (العید، ١٩٨٨: ١٩).

لەم ڕووەوە كۆمەڵناسی ئەدەب سیما و خەسڵەت و بنەماكانی زیاتر لە ڕێبازی ڕیالیزمدا دەبینێتەوە، بەو پێیەی كە ڕیالیزم بایەخ بە كۆمەڵ دەدات و

زیاتـر لـە چوارچێـوەی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان وەک زنجیرەیـەک کار و کاردانـەوە خـود لەنێو واقیعدا وێنـا دەکات، واتـە وەک بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتـی مامەڵـە لەگـەڵ مـرۆڤ دەکات.

هەروەها دەرخستنی واقیعی ژیانی چینە چەوساوەکان بەدەستی چینـە چەوسێنەرەکانەوە خاسیەتێکی دیکـەی رێبـازی ریالیزمـە و هـەوڵ دەدات گۆڕانگارییەکانـی واقیـع لەژێـر ڕۆشـنایی گۆڕانکارییـە چینایەتییەکانـی کۆمەڵـدا لـە ژیانـی سروشـتی و کۆمەڵایەتیـدا پیشـان بـدات و ئـەو بابەتانـە هەڵبژێـت کـە لـە سـەردەمەکەی خۆیـدا جێگـەی بایـەخ پێدانـن و گشـتگیر و زینـدوون. ریالیـزم بـە بینینێکـی بابەتیانـەوە خـۆی لـە رێبازەکانی دیکـەوە جیا دەکاتـەوە، ئامانجـی ئەوەیـە واقیـع بەرهـەم بهێنێتـەوە و بـەرەو پێشـی ببـات، بـەو واتایـەی بـە چاوێکـی کۆمەڵخوازییـەوە ژیـان و ڕووداوەکان بخاتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە. بـەلای ئەوانــەوە ژینگــە و بارودۆخــی کۆمەڵایەتــی و دەوروبــەر کار لـە دیاردەکانـی ژیانـی ڕۆژانـەی تاکەکـەس دەکات و جـۆری پێوەندییەکانـی لەگـەڵ دەوروبـەر دیـاری دەکات، ئەگەرچـی بابەتەکانـی لـە ناخـی ژیانـی چینەکانـی کۆمەڵگـە وەردەگرێ، بـەڵام هـاوکات بابەتـە میتافیزیکی و مێژووییەکانیشـیان فەرامـۆش نەکردبـوو (حوسـێن، ٢٠٠٧: ١١٧ - ١١٨).

ریالیـزم لەسـەر بنچینـەی وێنەکێشـانی واقیـع و تیشـک خسـتنە سـەر لایەنەکانـی ژیـان و شـیکردنەوەی دیـاردە کۆمەڵایەتـی و مرۆڤایەتییـەکان دامـەزرا، بۆیـە ریالیـزم لـە هەڵبژاردنـی کەسـایەتییەکاندا، کەسـایەتی ناسـراوی مێژوویـی و ئەفسـانەییان هەڵنەدەبـژارد وەک ئـەوەی کلاسـیک و ڕۆمانسـییەکان دەیانکـرد، بەڵکـوو کەسـایەتییەکانیان خەڵکـی عـەوام و کەسـانی لەبیرکـراوی نـاو کۆمـەڵ بـوون. ئـەو نزیکایەتییـەی نێـوان کۆمەڵناسـی و رێبـازی ریالیـزم وای کـرد کـە کۆمەڵناسـی ئـەدەب بایـەخ بـە واقعییەتـی ئـەدەب بـدات و هیـچ بایەخێـک بـە ئەدەبـی ڕۆمانسـی نـەدات، چونکـە ریالیـزم لـە ئەدەبـدا بزووتنەوەیەکـی شۆڕشـگێڕانە نییـە، لەهەمـان کاتیشـدا بزووتنەوەیەکـی کۆنەپەرسـتانەش نییـە، بەڵکـوو فەلسـەفەیە بـۆ ژیـان، بۆیـە وا سـەیری رێبـازی ریالیـزم دەکرێـت، کـە شـیکردنەوە و ڕەخنەیـە بـۆ کۆمەڵگـە، بـەم پێیـەش ریالیـزم ئامرازێکـە لـە ئامرازەکانـی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی، نووسـەریش کەسـێکی ڕۆشـنبیری نـاو ئـەو کۆمەڵگەیەیـە (عبدالجـواد، ٢٠٠٩: ٢٢).

زاراوەی ریالیـزم لـە دوو وشـە پێکهاتـووە (ریـال)، واتـە واقیـع، کـە لەگـەڵ پاشـگری (یـزم) هاتـووە و بەواتـای (واقیعـی) دێـت و بەهەردووکیـان واتـای حاڵەتـی بینینـی واقیـع دێت بـەو شـێوەیەی کـە هەیـە، ئـەم وشـەیە بـۆ یەکـەم جـار لەلایـەن ڕۆماننووسـی فەرەنسـی (شـانفیلۆری، ١٨٢١ - ١٨٨٩) لـە سـاڵی (١٨٤٣) بـەکار هـات، کـە ئەمـەش لـە بەیاننامەیەکیدا بـوو بـە ناوونیشـانی (مانیفێسـتی ریالیـزم) کـە تێیدا دەڵـێ (سـیفەتی ریالیـزم دەدرێتـە پـاڵ مـن). دوای ئـەو ڕۆماننووسـی فەرەنسـی (دوورانتـی) وشـەی ریالیزمـی بەکارهێنـا، دوورانتـی لەگـەڵ کۆمەڵـە هاوڕێیەکیـدا گۆڤارێکیـان بەنـاوی ریالیـزم دەردەکـرد، تێیـدا بـە تونـدی هێرشـیان دەکـردە سـەر ڕۆمانسـییەکان، لەهەمـان کاتیشـدا خاسـییەتەکانی ریالیزمیـان تێـدا ڕوون دەکـردەوە.

هەرچەنـدە ریالیـزم لـە سـەرەتادا لـە بـواری فەلسـەفەدا دەرکـەوت، بـەڵام دواتـر لەبـواری ئەدەبـدا ڕەگـی داکوتـا و چەسـپا. ریالیـزم بـەو واتایـە دێـت کـە هەمـوو بابەتێکـی فیکـری چارەسـەرێکی بابەتیانـەی کێشـەکانی ژیانـی مـرۆڤ بـکات. ئـەم چارەسـەرییە وێنەکێشـییەکی وردوقووڵـی لەبـاری وای تێدابێـت کـە نووسـەر خـۆی لـە دەرەوەی بابـەت بدۆزێتـەوە. بـەم پێیـەش ریالیـزم نووسـەر پابەنـدی کۆمـەڵ دەکات و داوای ئەوەیـان لـێ دەکات ئیلتیـزام بـەو ئەرکـەی کـە پێویسـتە نووسـەر وەک کەسـێکی دەسـتەبژێری ڕۆشـنبیری ببێتـە

ڕابـەری کۆمەڵەکـەی و هاووڵاتییـان بـۆ ئـەو ئامانجـە ئاراسـتە بـکات، کـە لـە خزمەتـی کۆمـەڵ و مرۆڤایەتیـدا تێبکۆشـن. ڕاسـتییەکەی ڕیالیـزم دوو جـۆری هەیـە، یەکەمیـان واقیعـی ڕاسـتەقینە، ئـەو واقیعەیـە کـە بوونـی هەیـەو تێیـدا دەژیـن و هەسـتی پـێ دەکەیـن، هەروەهـا واقیعـی هونـەری، کـە واقیعێکـە لـە ئەدەبـدا دەخوڵقێنرێـت و لەسـەر داهێنانێکـە بـۆ واقیعێکـە، کـە مـەرج نییـە وەک واقیعـە ڕاسـتەقینەکە بێـت (الأصفر، ١٩٩٩: ١٣٣).

ئەگـەر سـەیری مێـژووی ئەدەبیـات بکەیـن لـە سـەدەکانی (١٧ – ١٨) دا سـەردەمی کلاسـیک و ڕۆمانسـییەکان بـە سـەردەمی شـیعر بناسـرێت، ئـەوە سـەردەمی ڕیالیـزم بەسـەردەمی ڕۆمـان دەناسـرێتەوە. لـەم ڕووەوە ڕیالیـزم لـە ڕووی چەندایەتـی و چۆنایەتییـەوە تەکانێکـی گـەورەی بـە ڕۆمـان بەخشـی، چونکـە ئـەوان گەیشـتبوونە ئـەو قەناعەتـەی کـە ڕۆمـان لـە هەمـوو ژانرەکانـی دیکـە گونجاوتـرە بـۆ دەستنیشـانکردنی گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان و ڕوانینێکـی لەبـارە بـۆ دیاریکـردن و چارەسـەرکردنی کێشـە بەگرێوگۆڵەکانـی کۆمەڵگـە (الأصفر، ١٩٩٩: ١٠٥-١٠٦).

کۆمەڵناسـی ئـەدەب لەگـەڵ ڕیالیزمـدا زیاتـر لـە شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکـی ئەدەبیانـەی کۆمەڵگـە وەک خاڵێکـی هاوبـەش یـەک دەگرنـەوە، بـەو پێیـە هەردووکیـان بایـەخ بـە لایەنەکانـی کۆمەڵگـە دەدەن و وەک بابەتێکـی سـەرەکی لێکۆڵینەوەکانیـان مامەڵـەی لەتەکـدا دەکـەن. لـەم چوارچێوەیەشـدا کۆمەڵناسـی ئـەدەب بنچینـە و بنەماکانـی خـۆی زیاتـر لـەو ڕێچکانـەی ڕیالیزمـدا بـەدی دەکات:

– ڕیالیزمـی ڕەخنەگرانـە: بریتییـە لـەو ڕێچکەیـەی کـە واقیعـی کۆمەڵگـە و مـرۆڤ دەخاتـە بـەر توێژینـەوە و لایەنـە خراپەکانـی ئـەو واقیعـە دەستنیشـان دەکات، بەشـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە دەیخاتـە بەردەمـی خوێنـەران و دواتریـش لـە ڕێگـەی پیشـاندانی ئـەو خەوشـانەو واقیـع ڕێگەچـارەی گونجـاو لـە چوارچێوەیەکـی زانسـتیدا دەخاتـەڕوو، بۆیـە لـە بیروبۆچوونـی ئەدەبـی ڕیالیزمیـدا هەسـتێکی گـەورە بـۆ دەستنیشـانکردنی تەنگوچەڵەمەکانـی کۆمـەڵ و دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی شـیاو بۆیـان بـەدی دەکرێـت. لـەم ڕێچکەیـەدا ئـەدەب لـە دوو لایەنـدا خـۆی دەبینێتـەوە، لایەنێکیـان لـە ڕووی هەڵوێسـتەوە ڕەخنەگرانەیـە کـە ئەمـەش گۆشـەنیگای تایبەتـی تاکـە بـۆ کۆمەڵگـە، کـە بریتییـە لـە پرنسـیپە ڕەوشـتی و کۆمەڵایەتییـەکان، لایەنەکـەی دیکەشـیان لـە ڕووی شـێوازەوە واقیعییـە، بـە شـێوەیەک کـە بەپێـی ئەزموونـەکان شـێوازی جیاجیـا دەگرێتەبـەر (سـماق، ١٩٧٩: ٢٦).

نووسـەرانی ڕیالیزمـی ڕەخنەگرانـە دەیانتوانـی گۆشـەنیگای جیاجیـا و بەپێـی بیروبـاوەڕی جیـاواز لەنـاو دەقـدا وێنـەی کۆمـەڵ و مرۆڤایەتـی بکێشـن، ((بۆیـە دەبینیـن یەکێـک لـە خاسـیەتەکانی ڕیالیزمـی ڕەخنەگـری، هەوڵدانێتـی بـۆ وێنەگرتنـی واقیعـی کۆمـەڵ و دەرخسـتنی ناکۆکییەکانـی ئـەو واقیعـە لـە ڕێـی تیشـک ئاراسـتەکردن بەسـەر چەنـد لایەنێـک لـە کەموکورتییەکانـی ژیـان و گوزەرانـی نێـو کۆمـەڵ و ئاراسـتەکردنی ڕەخنـەی کاریگـەر بەرانبەریـان بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ)) (خـدر،٢٠٠٦: ١١٥)، واتـە لێـرەدا جیـا لـەوەی نووسـەران ئازادییەکانیـان فراوانتـر بـوو، لەهەمـان کاتیشـدا دەیانتوانـی بەپێـی بیروبـاوەڕی تایبەتـی خۆیـان مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداو و کێشـە و گرفتەکانـدا بکـەن و بەپێـی بەرنامەیەکـی زانسـتییانە چارەسـەری گونجـاو بـۆ ئـەو کێشـانە، هاوشـان لەگـەڵ خوێنـەران بدۆزنـەوە.

– **ڕیالیزمـی شۆڕشـگێرانە:** ئـەم ڕێچکەیـە مـرۆڤ و کۆمەڵگـە لـە حاڵەتێکـی دیاریکـراودا وێنـە دەکێشـێ، ئـەم حاڵەتـەش بریتـی بـوو لـە حاڵـەت و پەرەسـەندن و گـۆڕان، ئـەو پەرەسـەندن و

گۆڕانکارییــەش کــە بەســەر کۆمەڵگــەدا دێــت پێویســتە لێــی ئــاگادار بیــن و ڕەهەندەکانــی دەستنیشــان بکەیــن، تــا بەهۆیــەوە کۆمەڵگــە لــە خراپــەوە بــەرەو بــاش و لــە باشیشــەوە بــەرەو باشــتر هەنــگاو بهاوێــت.

ئــەم ڕێچکەیــە باوەڕێکــی پتــەوی بــە گۆڕانــی مــرۆڤ و کۆمەڵگــە هەبــوو بیروبــاوەڕی مارکســی لینینــی کردبــووە زەمینــەی بەرهەمهێنانــی دەقــەکان و نووســەرانی ڕووس، بەتایبەتیــش (مەکســیم گۆرکــی، ١٨٦٨ – ١٩٣٦) بــە دامەزرێنــەری ئــەم ڕێچکەیــە لــە قەڵــەم دەدرێــت، کــە دواتــر ئــەم نووســەرە بــووە هــۆکاری پەرەســەندنی ئــەم ڕێبــازە بــەرەو ڕێبــازی ڕیالیزمــی سۆشیالیســتی.

– **ڕیالیزمــی سۆشیالیســتی:** شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر لــە ســاڵی (١٩١٧)دا بەســەرکردایەتی لینیــن لــە ڕووســیا کۆمەڵێــک گۆڕانــکاری گــەورەی لــە بوارەکانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری و ئەدەبــی هێنایەکایــەوە، لــەم بارەیــەوە کۆمۆنیســتەکان ســوودیان لــە ئەدەبیــات وەرگــرت تــا بەهۆیــەوە بیروبــاوەڕە سیاســییەکانیان بڵاوبکەنــەوە کــە لەمەشــدا ســەرجەم بۆچوونەکانــی (مارکــس و ئەنگلز)یــان کردبــووە بنچینــەی تێڕوانینیــان بــۆ هەمــوو دەقێکــی ئەدەبــی. بــەم شــێوەیە ((ڕیالیــزم پلەبەپلــە پێشــکەوتنێکی شــێنەیی بەخــۆوە بینــی، دوای ئــەوەی پەیوەســت بــوو بــە مارکســییەت و لەبنچینەشــدا پشــتی بــە پرۆلیتاریــا بەســت، بۆیــە بــەدوای ناوێکــدا گــەڕا کــە لــە ڕیالیزمــی سۆشیالیســتیدا خــۆی بینییــەوە)) (داود،٢٠٠٩: ١٣)، ئــەم ڕێچکــە ســوودێکی زۆری لــەو ڕێچکەیــە بینــی کــە لــە ســاڵی (١٩٢٤) نووســەری نــاوداری ڕووســی (مەکسیم گۆرکی، ١٨٦٨– ١٩٣٦) لەژێــر نــاوی (ڕیالیزمــی کۆمەڵایەتــی) دامــەزرا و بەهۆیــەوە نووســەران پەییــان بــە گرنگــی کار لەنــاو کۆمەڵگــەدا بــرد و ڕۆڵیــان لــە بەرەوپێشــبردنی کۆمەڵگــە شــی کردەوە (حسێنی، ٢٠٠٦: ١١٢)، هەروەها چەنــدان ڕەوتــی دیکــەی وەک (ئەدەبیاتــی پرۆلیتاریــا، ڕیالیزمــی هەڵبژێــردراو، ئەدەبیاتــی ئامانجدار، ....تــاد) ڕۆڵیــان لــە خوڵقاندنــی ئــەو زەمینەســازییە بینــی کــە بەهۆیــەوە مەکســیم گۆرکــی لــە لەســەرەتای ســاڵی (١٩٣٤) لــە کۆنگرەیەکــی یەکێتیــی نووســەرانی سۆڤیەت ڕیالیزمــی سۆشیالیســتی ڕاگەیانــد و وردەوردە بڵاوبــووەوە و زۆر زوو لایەنگیــری پەیــدا بــوو (رسـول، ٢٠٠٨: ١٧ – ١٨)، بۆیــە ئــەم ڕێچکەیــە توانــی لــە مــاوەی ســاڵانی (١٩٣٠– ١٩٨٠) لــە دنیــادا بڵاوببێتــەوە و پەرەبســێنێ، ئــەم ڕێبــازە ئــەو ئەرکــەی خســتە ســەر شانی خــۆی کــە چینــی کرێکار و خەڵــک بــە ئایدیۆلۆژیا و گیانــی سۆشیالیســتی پــەروەردە بــکات. (ژدانــۆڤ) کــە نووســەرێکی گــەورەی ڕووســە، چەنــد بنەمایەکــی بــۆ ڕیالیزمــی سۆشیالیســتی دەستنیشــان کــرد کــە ئەمانــەن:

١ـ واقیعییەتێکــی بابەتیانــە کــە لــە ســەرەوەی بیــری مرۆڤــدا هەیــە و پێویســتە لــە بەرهەمــی ئەدەبیــدا ڕەنــگ بداتــەوە.

٢ـ داهێنان پێویستە بە پێی بینین و تێگەیشتنی زانســتییانەی مارکس بێــت، واتــە هەمــان ئامانجی فەلســەفەی سۆشیالیســتی هەبێــت، بــەڵام لەگــەڵ تێگەیشــتی ڕاســتی گونجــاو بێــت.

٣ـ گەشــبینییەکی مێژوویــی لــە ئاســت دەربڕینــی بابــەت و ژیانــی ڕووداوەکان پێشــکەش بــکات، پاڵەوانی ڕووداوەکان لــە حاڵەتێکــی وادا وێنەبکێشــێ، کــە لــە ســەرووی پەرەســەندن و گۆڕانــەوە بــەرەو باشــتر بچــن.

٤ـ پابەندبــوون (ئیلتیــزام) کردنــی نووســەر و هونەرمەنــدان بــۆ خزمەتکردنــی بیروبــاوەڕی سۆشیالیســتی.

ئــەم بنەمایانــە نووســەر و هونەرمەندانیــان خســتە نــاو چوارچێوەیەکــی تەســکی حیزبایەتــی لەنــاو ئــەدەب و هونــەر، ئەمــەش بــۆ ئــەوەی بیروبــاوەڕی سۆشیالیســتی بمێنێتــەوە و لــە بەرانبــەر ئــەو

بۆچوونـــەدا چەنــدان ڕای جیــاواز هاتنــە کایــەوە لەوانــە (قــادر،٢٠١٠: ٣٨):

١ـ هەندێک لـە نووسـەران پاڵپشتی تـەواوی ئـەو ڕێچکەیەیـان کـرد و هــەر بیروباوەڕێکــی دەرەوەی ئـەم ڕێچکەیەیـان ڕەت کـردەوە.

٢ـ هەندێکی دیکـە لـە نووسـەران بەتوندی دژایەتـی ئـەو ڕێچکەیەیـان کـرد و بـەوە تۆمەتباریـان کـرد کـە لـە ئازادییەکانـی نووسـەران کـەم دەکاتـەوە و ئـەدەب و هونـەر لـە قاڵبێکی حزبیـدا دادەنێت.

٣ـ بەشـێکی دیکـە لـە نووسـەران هەڵوێسـتێکی مامناوەندیـان هەڵبـژارد و داوایـان کـرد بـەم بنەمایانـەوە پابەنـدن و لەهەمـان کاتیشـدا توندڕۆیی ڕەت دەکەنـەوە و بیـروڕای دەرەوەی ئـەو ڕێچکەیـەش قبـووڵ دەکـەن.

ئامانجە سـەرەکییەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی خۆی لـە دوو لایەنـی سـەرەکیدا دەبینێتـەوە، یەکەمیـان بـە وێنەکێشـانی بنچینەیـی دێتـە ناسـین، کـە بریتییـە لـە شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی، دووەمیـان ئامانجەکەیـە، کـە بریتییـە لـە ڕزگاربوونـی چینـی پرۆلیتاریا، کە بەهۆیـەوە کۆمەڵگـە لـە ژێردەسـتەیی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەوە بەتەواوەتـی ڕزگار دەبێـت (دراج، ١٩٨٩: ٩٣).

جیـاوازی ئـەو ڕێبـازە لەگەڵ ڕیالیزمـی ڕەخنەگرانە، لەوەدایـە کـە ڕیالیزمـی سۆشیالیسـتی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە لـە حاڵەتـی پەرەسـەندن و گۆڕانکاریـدا وێنـە دەکێشـێ، هەروەهـا گەشـبینییەکی زۆری پێـوە دیـارە و بـاس لـە لایەنـە خـراپ و نالەبارەکانی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە ناکات، هـەروەک چـۆن ڕیالیزمـی ڕەخنەگرانـە ئـەم باسـانەی دەهێنایـە گـۆڕێ.

سەرچاوە:

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ- کتێب:**


١. حوسـێن، پ. ی. د. هیمـداد، ٢٠٠٧، ڕێبـازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانـی، هەولێـر.

٢. حسـێنی، ڕەزا سـەید، ٢٠٠٦، قوتابخانـە ئەدەبییـەکان، و: حەمەکەریـم عـارف، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، هەولێر.

٣. حسـەین، عەلـی تاهیـر، ٢٠٠٨، ڕەخنـەی بنیادگـەری لـە تیـۆرەوە بـۆ پراکتیزەکـردن، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی.

٤. ڕەسـووڵ، د. عیزەددیـن مسـتەفا، ٢٠٠٨، ڕیالیزمـی نوێ و ئەدەبیاتی کـوردی، چاپکردنی کۆمپیووتـەری ڤاریـن، سـلێمانی.

٥. سـالح، ئـاوارە کەمـال، ٢٠١٢، ڕەخنـەی کۆمەڵایەتـی و پراکتیزەکردنـی لـە شـیعرەکانی گـۆران دا، بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (١٥٨)، هەولێـر.

٦. قطـوس، د. بەسـام، ٢٠٠١، دەروازەیـەک بۆ میتۆدەکانـی ڕەخنـەی هاوچـەرخ، و: د.محەمـەد تاتانـی، خانـەی وەرگێـڕان، هەولێـر.

٧. قـادر، عەبـاس محەمـەد، ٢٠١٠، ڕیالیـزم لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی، سـلێمانی.

٨. گۆڵدمـەن، لوسیان، ٢٠٠٨، کۆمەڵگە، کولتوور، ئەدەبیات، و: هـادی محەمـەدی، چاپخانـەی ڕۆمـان، سلێمانی.

٩. یاسین، عوسمان، ١٩٩٩، بنیادگەری پێکهاتوویی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی زانکـۆی سـەڵاحەددین، هەولێـر.


**ب ـ گۆڤار و ڕۆژنامە:**


١٠. ڕەشید، فوئـاد، ٢٠٠٠، ڕەخنـەی بنیادگـەری ـ وەهمـی تاکڕەهەندیـی دەق، گ(کاروان)، ژ(١٤٢)،شـوباتی.

١١. خدر، ڕێزان ڕەحمـان، ٢٠٠٦، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا، گۆڤاری (ڕامـان)، ژ(١١٤)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

١٢. یاسـین، عوسـمان، ١٩٩٨، گۆڵدمـان و بنیادگـەری پێکهاتوویـی، (٢-٣)، گ (ڕامـان)، ژ٢٣)، ئایـاری ١٩٩٨.

دووەم: بەزمانی عەرەبی:

أ- كتێب


١٣. امبرت، انريك اندرسون، ٢٠٠٩، مناهج النقد الأدبي، ت: د.الطاهر احمد مكي، دار العالم العربي،، القاهرة.

١٤. الرويلي، د.ميجان، د.سعد البازعي، ٢٠٠٢، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، بيروت ط٣،.

١٥. العيد، يمني، ١٩٨٨، الدلالة الإجتماعية لحركة الأدب الرومنطيقي في لبنان، ط٢، دار الفارابي، بيروت.

١٦. الأصفر، عبدالرزاق، ١٩٩٩، المذاهب الأدبية لدى الغرب، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١٧. بياجية، جان، ١٩٨٥، البنيوية، ت: عارف منيمنة، بشير اوبري، منشورات عويدات، بيروت، ط ٤.

١٨. جيدنز، انتوني، ٢٠٠٠، قواعد جديدة للمنهج في علم الأجتماع، ت: محمد محي الدين، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.

١٩. حسن، أ.د. سمير ابراهيم، ٢٠١٢، تمهيد فى علم الأجتماع، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ــ الأردن .

٢٠. ديتش، ديڤد، ١٩٦٧، مناهج النقد الأدبي بين النظرية والتطبيق، ت: د. محمد يوسف نجم، دار صادر، بيروت.

٢١. دراج، د.فيصل، ١٩٨٩، الواقع و المثال، دار الفكر الجديد، بيروت،.

٢٢. زكي، د.احمد كمال، ١٩٧٢، النقد الأدبي الحديث ـ اصوله واتجاهاته، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

٢٣. سكوت، ويلبر س،، ١٩٨١، خمسة مداخل الى النقد الأدبي، ت: د.عناد غزوان اسماعيل وجعفر صادق الخليلي، دار الرشيد للنشر، بغداد.

٢٤. سماق، فيصل، ١٩٧٩، الواقعية في الرواية السورية، دار الكتاب، دمشق،.

٢٥. شحيد، د. جمال، ٢٠١٣، في البنيوية التكوينية ـ دراسة في منهج لوسيان غولدمان، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق ـ سوريا.

٢٦. عبدالجواد، ا.د. محمد سعيد فرح، ا.د.مصطفى خلف. ٢٠٠٩، علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

٢٧. فيالا، بول أرون و الان، ٢٠١٣، سوسيولوجيا الأدب، ت: د.محمد على مقلد، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت.

٢٨. فضل، د. صلاح. ٢٠٠٥، مناهج النقد المعاصر، اطلس للنشر والإنتاج الإعلامي، الطبعة الخامسة، القاهرة.

٢٩. مجموعة من الكتاب، ١٩٩٧، مدخل الى مناهج النقد الأدبي، ت: رضوان ظاظا ـ م.د. المنصف الشنوفي، سلسلة عالم المعرفة (٣٢١)، الكويت.

٣٠. ناوريريت، د. بشير، ٢٠١٠، الحقيقة الشعرية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الاردن.

٣١. وغليسي، د.يوسف، ٢٠٠٨، اشكالية المصطلع فى الخطاب النقدي العربي الجديد، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت،.

٣٢. يسين، السيد، ٢٠٠٧، التحليل الإجتماعي للأدب، دار العين للنشر، ط٣، القاهرة.


ب ـ گۆڤار و ڕۆژنامە:


٣٣. صدار، د.نورالدين، ٢٠٠٩، مدخل الى البنيوية التكوينية، مجلة (عالم الفكر) العدد (١)، المجلد (٣٨) سبتمبر ٢٠٠٩.

٣٤. عصفور، جابر، ٢٠٠٦، عن البنيوية التوليدية ـ قراءة في لوسيان غولدمان، مجلة الفصول، عدد (٦٨).


**ج ـ نامەی ئەكاديمی:**


٣٥. داود، صفاء جمال، ٢٠٠٩، الواقعية في ادب محمود احمد السيد القصصي، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة صلاح الدين.